بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده ، و الصلاه والسلام على من لا نبي بعده . . . .و بعد :

نوێژ کردن ڕاوەستانی موسڵمانە لە بەرامبەر خوای پەروەردگار و بەرز ڕاگرتنی بە سوجدە بۆ بردن و پاڕانەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا جوانترین گفتوگۆیە لەنێوان بەندەی موسڵمان و خوای پەروەردگار .

بەڵام بەداخەوە زۆربەی موسڵمانان بەتایبەت لاوان پێچەوانەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بونەتەوە کە خواری پەروەردگار ئەفەرموێ : (يَـا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ) (سورة الأعراف: ٣١)

زانایان سەبارەت بە (عِنْدَ كُلِّ مَـسْجِدٍ) ئەڵێن واتە : لە هەموو نوێژێکدا .

ئەگەر دیقەت بکەین ئەبینین زۆرێك لە لاوان کە ئیشێکی هەبێ یان فەرمانبەری فەرمانگەیەك بێ یان فێرخواز بێ بەیانی زوو هەڵدەسێ سەرقاڵی خۆ گۆڕین و خۆجوانکردنەوەیە ، ڕەنگە چەن ڕەنگێك تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕەنگە هەڵبژێرێ لەگەڵ پێڵاوەکانی بگونجێ ، ڕەنگە هێندە دوا بکەوێ فریای خواردنی نانی بەیانی نەکەوێ ، هەموو ئەمانەیش لەپێناو چی ؟ لەپێناو ئەوەی خەڵکی نەڵێن بێ زەوقە ، نازانێ جل لەبەر بکات ، دواکەوتوە ... هتد . لەولایشەوە ئاگای لەخۆی نیە کە بوەتە هۆی توڕەبوونی پەروەردگار . ڕەنگە بپرسن چۆن خۆ جوان کردنەوە ئەبێتە هۆی توڕەبونی پەروەردگار ؟ خۆ ئیسلام دینی پاك و خاوێنی و جوانیە ؟ ئەڵێم ڕاست ئەکەن ، بەڵام ئاخۆ ئەو کاتانەش کە ئەبنە میوانی پەروەردگار و نوێژ ئەکەن بەهەمان شێوە خۆتان ئەڕازێننەوە ؟ نەخێر بەڵکو زۆرێك لەم ڕۆژگارە هەرکە گەیشتە ماڵەوە جلەکانی دەرەوەی زوو ئەگۆڕێ لەترسی ئەوەی لەکاتی نوێژکردن ئوتوەکەی تێك نەچێ ، لە بەرامبەردا جلێکی سادە لەبەر ئەکات کە تەنانەت شەرم ئەکات پێوەی بچێتە دەرەوە بۆ شت کڕین . باشە لەخۆت بپرسە خوای پەروەردگار شایستەیە لەکاتی ڕۆیشتن بۆ ماڵەکەی یان لەکاتی گفتوگۆ کردنت لەگەڵیا خۆت برازێنیتەوە ، یان خۆ ڕازاندنەوە بۆ خەڵکی ؟



هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم موسڵمان واز لە خۆ جوانکردنەوە بهێنێت ، بەڵکو هانیان ئەدەم بەردەوام جلی باش لەبەر بکەن و پاك و خاوێن بن بەڵام لە سنوری شەرعی خوا تێنەپەڕێ . کەچی بەداخەوە ئەو جل و بەرگەی زۆرێك لە موسڵمانان لە کاتی نوێژکردن لەبەری ئەکەن ، شەرم ئەکەن پێوەی بچنە بازاڕ شەرم ئەکەن پێوەی بچنە شایی و ئاهەنگ و میوانی ، شەرم ئەکەن پێوەی سەردانی هاوڕێکانیان بکەن ، بەڵام شەرم ناکەن و لەئاست پەروەردگاریان بەو جلەوە ڕائەوەستن و ئەشیانەوێ پەروەردگار لێیان توڕەنەبێ ، مەترسی دارترین جلیش لاوان گیرۆدەی بونە و لە نوێژ کردن لەبەری ئەکەن جلی وەرزشی یە وەك ( تراکسوت و فانیلەی یاری و شۆرت و سێ چارەك ) کە زۆرێك لە زانایان نوێژکردن بەم جلانەوە بە بەتاڵ ئەزانن . ئەم جلانە چەند مەترسیەکیان هەیە لەسەر نوێژی موسڵمان :

١ - تراکسۆت و سێ چارەك دەبنە هۆی دەرکەوتنی عەورەتی موسڵمان ، هەربۆیە زانایانی هاوچەرخ تەنانەت مەرجیان داناوە بۆ نوێژ کردن بە پانتۆڵیشەوە کە دەبێ ( فراوان بێ و لەسەروی قاپ دان بێ و کراسەکەش بدرێ بەسەریا لەترسی دەرکەوتنی عەورەت ) کەواتە حوکمی تراکسۆت قورسترە .

٢ - هێمای تیپەکان لەسەر جلە وەرزشیەکان بە گشتی یان خاچە (صليب) یان ( وێنەی گیاندار )ە یان ( ووشەی ناشیاو ) وەك ووشەی ( NIKE ) کە زانایان ئەڵێن نوێژکردن پێوەی دروست نیە . هەموو جلە وەرزشیەکانیش هێمای (NIKE) یان پێوەیە

٣ - جلە وەرزشیەکان یان ووشەی ( NIKE )ی پێوەیە یان ئەم هێمایە (٤٣) کە مەبەست پێی (NIKE) ە ، ( NIKE ) یش واتە : **خوای سەرکەوتنی ڕۆمانەکان** ، ئەمەش هاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای پەروەردگار ، کەچی زۆرێك لەکاتی نوێژەکانیان لەبەری ئەکەن .

٤ - نوێژکردن بە جلی وەرزشی بە بچوك ڕوانینە بۆ نوێژ و پێچەوانە کردنەوەی ئەم ئایەتەیە : (يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُـلِّ مَسْجِدٍ) (سورة الأعراف:٣١) کە فەرمانی داخوازی (أمر)ی تیایە .



٥ - جلە وەرزشیەکان دەبنە هۆی سەرقاڵ کردنی چواردەور لە نوێژەکانیان چونکە ڕەنگە تۆ جلی یاریزانێك لەبەر بکەی هەموو ئەوانەی خۆشیان ئەوێ و ئەوانەش ڕقیان لێیەتی بە ڕوانینیان بۆ ئەو جلە سەرقاڵ ئەبن و بیریان ئەکەوێتە لای ئەو یاریزانە و نوێژەکانیان بە ناتەواوی و کەم و کورییەوە ئەنجام ئەدەن ، چونکە بیریان لای فانیلەی ئەو یاریزانەیە کە تۆ لەبەرت کردوە ، لەم حاڵەتەشدا تۆ هۆکاری ئەو تاوانەی .

هەروەها سەبارەت بە جلی وەرزشی زانای پایەبەرز ( صـالح بـن فوزان الفوزان ) لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەو کەسانەی جلی وەرزشی لەبەر ئەکەن فەرمووی : موسڵمان بۆی نیە ئەو جۆرە جلانە لەبەر بکات کە وێنەی گیانداری پێوە بێت . وە ئەگەر ئەو وێنانە تایبەت بێت بە بێ باوەڕانەوە ئەوا کارەکە ترسناکتر و توند ترە چونکە بەڵگەیە لەسەر خۆشەویستیان . ئاشکرایشە خاچ (صليب) و ( NIKE ) تایبەتە بە بێ باوەڕانەوە .

هەروەها سەبارەت بەم جلانە لیژنەی هەمیشەیی فەتوا دان ئەڵێن : نابێت بە جلێکەوە نوێژ بکرێت کە وێنەی گیاندار (مرۆڤ و ئاژەڵ و پەلەوەر) ی پێوە بێ ، وەنابێ لە کاتەکانی تریش لەبەر بکرێت .

ئەگەر دیقەتی جلی یانە وەرزشیەکانی تۆپی پێ بدەی دەبینیت زۆرێکیان وێنەی مرۆڤی پێوەیە وەك (یانەی ئەیاکس) یان وێنەی گیاندار وەك (یانەی ڕۆما) ... هتد .

کەواتە ئەگەر وێنەی گیاندار و ناوی یاریزان ڕێگە پێنەدراو بێت ئەوا وێنەی خاچ مەترسیدارترە ، هەر لەم بارەیەوە لە بوخاری هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ئەگێڕنەوە کەوا : لم يكن يتـرك فـي بيته شيئا فيه تصاليب إلا نقضه والتصليب صور الصليب ، غايه المرام / ١٤٢ (التصليب واتە وێنەی خاچ)

هەروەها تراکسۆتەکان ٣ مەترسی گەورەی تیایە :

یەکەم / ئاشکرایە تراکسۆتەکان زۆر تەسکن : ئەمەش لەکاتی نوێژ و لە ڕکوع و سجودەکاندا ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی عەورەت ،

ئاشكرایشە یەكێك لە مەرجەكانی نوێژی وەرگیراو ئەوەیە خاوەنەكەی خۆی بپارێزێ لە دەركەوتنی عەورەتی ، بۆیە ناچار كاكی نوێژگەر لەبەر تەسكی تراكسۆتەكەی و لەترسی دەركەوتنی عەورەتی سجودو ركوعەكانی تەواو ناكات بەمەش تاوانبار ئەبێ و خوای پەروەردگار سەیری نوێژەكەی ناكات هەروەك پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت : لا ینظر الله عز وجل إلى صلاة عبد لا یقیم صلبه بین ركوعها وسجودها " .

هەروەها ئەم جۆرە كەسانە پێغەمبەری خوا ﷺ بە(دز) ناویان ئەبات . وەك ئەفەرموێ : دز ترین خەڵكی ئەوانەن كە دزی لە نوێژەكانیان ئەكەن . فەرمویان چۆن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرموی : نە ڕكوعی بە تەواوی دەكاو نە سجودی .

هەروەها ابو هریرە رضي الله عنه فەرمویەتی : كەسی وا هەیە شەست ساڵ نوێژ ئەكات كەچی تەنها نوێژێكی لێی وەرناگیرێ ، پرسیان چۆن ؟ فەرموی : نەڕكوعی بەتەواوی دەكاو نەسجودی و نە وەستانی و نە خشوعی .

دووەم / تراكسۆتەكان شۆڕن و لە خواروی قاپدانی كاكی نوێژگەرەوەن ، بۆ ئەمەش خوای پەروەردگار بەڵێنی داوە بەو كەسانەی كە جلەكانیان لە خواروی قاپدانیانەوەیە كە سزایەكی سەختیان بدات هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ "... الْمُسْبِلُ . واتە : سێ جۆر كەس هەن خوای پەروەردگار لە قیامەتدا نە قسەیان لەگەڵ ئەكات و نە سەیریان دەكات و نە لە تاوانیش پاكیان دەكاتەوە ، وە سزایەكی سەختیشیان بۆ هەیە لەوانەش : كەسێك جلەكەی لە خواروی قاپ دانیەوە بێت .

سێ یەم / تراكسۆت لەو جۆرە جلانە نیە كە خوای پەروەردگار فەرمانی پێ كردوە لە نوێژەكانمان خۆمانی پێ برازێنینەوە وەك لەو ئایەتەی سەرەوە خستمانە ڕوی ، كەچی كاكی نوێژگەر بە مەبەستی ڕەزامەندی پەروەردگار نوێژ ئەكات بەڵام لە لایەكی ترەوە سەرپێچی ئەو فەرمانەی پەروەردگار ئەكات كە فەرمانی پێ ئەكات بە جلێكی شایستەوە نوێژەكانی ئەنجام بدات . لێرەدا حەق وایە هەموو



موسڵمانان لەخۆیان بپرسن ئاخۆ هیچ خاچ پەرست و بێباوەڕێك ئامادەیە لەكاتی نوێژ كردنی تایبەت بەخۆیان جلێك لەبەر بكات كە (لا إله إلا الله)ی پێوە بێت یان ناوی (الله) یان (محمد) یان وێنەی (كعبة) و( مزگەوت ) یان هەر دروشمێك لە دروشمەكانی ئیسلامی پێوە بێت ؟؟

نەخێر لەبەری ناكەن بەڵكو بە هەموو هێز و توانایانەوە دژایەتی دروشمەكانی ئیسلام ئەكەن و هەوڵ ئەدەن لە پێش چاو خەڵكی چەواشەیان بكەن . كەواتە موسڵمانی بەڕێز ئاگەدار بە لە كاتی نوێژەكانت و لە كاتەكانی تریشت دروشمی بێباوەڕان لەبەر مەكە ، مەهێڵە دروشمی دوژمنانی خوا لەسەر جلەكانت بێ ، ئەگەر خوا و پێغەمبەرەكەیت خۆش ئەوێ لەكاتی نوێژەكانت ئاگات لە جلەكانت بێ . جلێك لەبەر بكە شایستەی ئەو زاتە بێ سوژدەی بۆ ئەبەی ، جلێك لەبەر بكە وێنە و ناو و دروشمی بێ باوەڕانی پێوە نەبێ . پاشان خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ ﴾ ( العنكبوت : ٤٥ )

واتە : بە ڕاستی نوێژ بەرهەڵستی مرۆڤە لە كاری خراپ و ناپەسەند و تاوان .

كەواتە كوا نوێژی كەسێك بەرهەڵستی ئەكات لە كاری خراپ و ناپەسەند و تاوان لەكاتێكدا نوێژ بە جلێكەوە بكات وێنە و دروشمی كافران و بێباوەڕان و دوژمنانی خوا و پێغەمبەرەكەی پێوە بێت ؟!! یان نوێژ بە جلێكەوە بكات عەورەتی دەربخاو ناشەرعی بێت .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ



www.ba8.org ماڵپەڕی بەهەشت

# مەترسی جلە وەرزشیەكان لەسەر قبوڵ نەبونی نوێژەكانمان

ئامادەكردنی

هاوار عبدالله

پێداچونەوەی

مامۆستا عدنان بارام

چاپی دووەم

www.ba8.org